

### عەبدوڵڵا موهتەدی:

# کورد دەبێت خۆی لەدەسەڵات بەشداربێت و ماف بدات بەهەموو لایەك نەك چاوەڕێی ئەوەبکات ماف وەربگرێت

خوێنەری خۆشەویستی "شۆڕش" ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە دەقی وتوێژی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یە لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی کە لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی یادی قازی محەمەد لەگەڵیان ئەنجام دراوە.

- **دەبێت دەستوور ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت کە عیراق دوو نەتەوەی سەرەکی (کوردو عەرەب)ی تێدایە، هەروەها ئەو فرەچەشنی و فرە نەتەوەییەی تێیدا ڕەنگبداتەوەو مافی هەموو لایەنەکان پارێزراوبێت، هەروەکو زۆربەی لایەنە سیاسییەکان کەم تا زۆر ئێستا کۆکن لەسەر فیدرالی، من پێم وایە فیدراڵی سیستمێکی گونجاوە بۆ عیراق بەگشتی و بۆ کوردستان بەتایبەتی. بۆیە پێویستە بەبێ ئەملاوئەولا فیدراڵی بچەسپێنرێت.**

***لەمیانەی ڤیستیڤاڵی یادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەدی نەمردا کەڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٣١ لە سلێمانی بەڕێوەچوو، چاومان بە بەڕێز عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان کەوت و سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی عیراق و دەستکەوتەکانی کورد لەعیراقدا چەند پرسیارێکمان لێکرد.***

چاوپێکەوتن: عەدالەت عەبدوڵڵا

***_یەکێك لەو پرسیارانەی کە بەلای خەڵکی کوردستانەوە زۆر گرنگە، ئەوەیە ئایا دارشتنی دەستووری عیراق چۆن دەبێت، تۆ وەك سیاسەتمەدارێك پێت وایە ئەو دەستوورە دەبێت چ دەستوورێك بێت لەئاستی ئەو داواکاری و خواستانەدا بێت؟***

***هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی:*** بێگومان دەبێت دەستوورێك بێت کە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی بەرۆشنی و شەفافی تێدا دیاربێت و چەسپاوبێت، بۆنموونە پێویستە ئازادی سیاسی بێ ئەملاوئەولا بێت، کە بەداخەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، هەروەها ماف و ئازادیە گشتییەکان، دەبێت دەستوور ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت کە عیراق دوو نەتەوەی سەرەکی (کوردو عەرەب)ی تێدایە، هەروەها ئەو فرەچەشنی و فرە نەتەوەییەی تێدا ڕەنگبداتەوەو مافی هەموو لایەنەکان پارێزراوبێت، هەروەکو زۆربەی لایەنە

سیاسییەکان کەم تا زۆر ئێستا کۆکن لەسەر فیدرالی، من پێم وایە فیدرالی سیستمێکی گونجاوە بۆ عیراق بەگشتی و بۆ کوردستان بەتایبەتی. بۆیە پێویستە بەبێ ئەملاوئەولا فیدرالی بچەسپێنرێت.

پێویستە مافی ئافرەتی تێدا چەسپاوبێت، ئەمە بابەتێکی گرنگە کەزۆرێك لەولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتیش ولاتانی عەرەبی مافی ئافرەتی تیا پێشێل کراوە، دەبێت لەدەستووری داهاتوودا بێمافیی ژن نەمێنێت و یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو روویەکەوە لەڕووی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە سەلماوبێت لەدەستووردا، حکومەتی داهاتووی عیراق نابێت حکومەتێکی ئاینی بێت هی هیچ ئاینێك، دەبێت جیاکردنەوەی دین لەدەولەت بەڕوونی ئاشکرابێت، پێموایە کەهەموو کەسێکی دیموکراسیخواز بەتایبەتی فراکسیۆنی کوردی دەبێت رۆلێکی بەرچاوی هەبێت لەچەسپاندنی ئەوانەدا.

**کوردستانی نوێ** *_وەك ئاگاداری ئەو هێزە سیاسیانەی کە لەڕێگای هەلبژاردنەوە گەیشتوونەتە پەرلەمان لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە جیاوازیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، لەوپەڕی شیعیەوە بۆ ئەوپەڕی عەلمانی، حزبی نەتەوەیی و لیبرالی و حزبی چەپی تێدایە، تۆ پێت وانیە کە ئەمە ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری سیاسی و تەوافوق لەداڕشتنی دەستووردا؟*



***هاوڕێ عەبدوللا موهتەدی:*** بێگومان پێکهاتەی عیراق و پێکهاتەی ئەم پەرلەمانە جۆرێکە کەهەموو لایەنەکانی تێدایەو فرەچەشنە، بۆیە هیچ لایەك ناتوانێت بەرنامەی سیاسی و بەرژەوەندی و بیروباوەڕو بۆچوونەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر لایەنەکانی تردا، لەبەرئەوە چار نییە دەبێت تەوافوق هەبێت لەعیراقدا، مەبەستم لەتەوافوق ئەوەیە کە هەم مافە دیموکراتیەکان و هەم مافەکانی گەلی کورد بچەسپێت، رەنگە تۆ نەتوانیت بەهەموو مافەکانی خۆت بگەیت دەبێت بۆ تەوافوق بهێلیتەوە، من سەرکردایەتی کورد ئاوا بەبەرپرسی و ژیری دەزانم کە ئەوپەڕی توانای هێزو ئەوپەڕی توانای جەماوەری کە لەپشتیەتی بیخاتەکار بۆ چەسپاندنی مافە دیموکراتیەکان و مافە نەتەوەییەکان، بەلام ئەوەشی بۆ دەسەلمێنم کەمەسئول بوون و تەشخیصی ئیمکاناتی ئەو سەردەمە وای لێدەکات کە لەچوارچێوەی ئەو تەوافوقەدا ئیش بکات و رەنگە نەتوانێت بەهەموو شتێك بگات.

**کوردستانی نوێ** *لەم بۆچوونەی دوایدا وا تێدەگەم کەجیاوازی نێوان کوردستانی بوون و عیراقی بوون پێویستی بەتەوافوق هەبێت، بۆچوونێك هەیە پێت وایە کەعیراقی بوون ناکۆك نیە لەگەل کوردستانی بوون بەحوکمی ئەوەی عیراق ولاتێکی پان و بەرینە کەخاکی کوردستانیش بەهەرقەدەرێکی سیاسی بێت کەوتووەتە ئەم ولاتەوە، تۆ واهەست ناکەیت کە ناکۆکیەك نییە لەنێوان عیراقی بوون و کوردستانی بوون؟*

***هاوڕێ عەبدوللا موهتەدی:*** کوردستانی عیراق خۆی ئێستا ولاتێکە، بەلام سەربەخۆ نییە، مافی خۆی هەیە سەربەخۆ بێت، پێم وایە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبێت جۆرێك تەوافوق لەنێوان ویستە کوردستانییەکان و ئارەزووی خەلك لەگەل واقیعی ئێستای عیراقدا بگونجێنێت.

**کوردستانی نوێ** *_ببورە مامۆستا ئاراستەکە ئەوەیە لەناو توێژێکی کۆمەلایەتی خەلك لەکوردستاندا ئیشکردن بەئاراستەی کوردستانیبوون ناکۆك نیە لەگەل ئەوەی کەتۆش عیراقی بیت، واتە کەتۆ ئیشت بۆکوردستان کردووە لەهەمان* کات ئیش بۆ *عیراقیش لەم بۆچوونەدا وادەردەکەوێت کە خەلك لەم ولاتەی ئێمەدا زیاتر داوای لەسەرکردایەتی کورد دەکات کە پێ لەسەر رەهەندی کوردستانی کارو تێکۆشانی خۆی دابگرێت؟*

***هاوڕێ عەبدوللا موهتەدی:*** تۆ یان دەبێت توانات هەبێت و هەلومەرجەکەت گونجاو بێت ئیعلانی دەولەتی سەربەخۆی کورد بکەیت ئەگەر ئەوە ناکەیت دەبێت هەول بدەیت دەورو نەخشت لەڕەوتی رووداوەکانی عێراق هەبێت، واتە سیاسەتی گۆشەگیری و گوێنەدان بەکێشەو گیروگرفتەکانی عێراق و کێشەی دەسەلات، کێشەی دابەشکردنی دەسەلات، کێشەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، کێشەی سوپای

داهاتووی عێراق. من لەو بڕوایەدام کە تۆ ناتوانیت گوێ نەدەیتە ئەوەو دوورەپەرێز بیت، تۆ مەجبوری تێکەڵ بیت لەگەڵ ئەمانەو رۆڵێکی عیراقیانە ببینیت، ئەگەر ئەوە نەکەیت تەنها سەرت بەبێ کڵاو ماوەتەوە وەکو کورد.

کاتێك دەوڵەتێکی سەربەخۆت هەبوو دیارە پێویستیت بەوە نامێنێت، بەڵام تا کاتێك ئەوە نەهاتووەتە ناو بەرنامەی کاری سیاسیتەوە تا کاتێك نەتواناو نە هەلومەرجی ناوچەیی رێگای ئەوەیان پێنەداویت، دەبێت بتوانی سیاسەتێکی کوردستانی لێرەو لەبەغداش بگریتەبەرو لەبەغداش و لەکورسی بەغداش دەبێت کەڵك وەربگریت بۆ مەسەلەی کوردستانیبوون، لەهەمان کاتیشدا دەبێت کەڵك وەربگریت بۆ مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی عیراق بەهەمان شێوە کەڵك وەربگریت بۆ خزمەتکردنی خەڵکی عێراق و ئاوەدانکردنەوەو گەشەکردنی وەکو وڵاتانی تری جیهان، من سیاسەتی نەجیابوونەوەو نەتێکەڵاوبوو بەسیاسەتێکی شکستخواردوو دەزانم.

کوردستانی نوێ KURDISTANI NWÊ

***_ رەنگە ئەم بۆچوونەی خەڵکی کوردستان وەك پەرچەکردارێك بێت بەرامبەر ئەو ئاراستەیەی کە لەناو هێزە عەرەبیەکانی عێراقدا هەیە پێیان وایە عێراقی بوون بەسازش کردن دەبێت لەسەر مافی کوردستانی، تۆ پێت وایە ئەوە ئاراستەیەکی راست بێت کە بەرامبەر بەکورد دەیگرنەبەر؟***

***هاورێ عەبدوڵڵا موهتەدی:*** ئەو شێوە بیرکردنەوەیەی کەسەرکردایەتی عەرەب بەسوننەو شیعەشەوە کەخۆی بەخاوەن و ساحێب دەسەڵات دەزانێت، کەپێی وایە ئەو ماف کورد بدات وەك هاووڵاتی پلە دوو ئەوە شتێکی هەڵەیە، ئەمە پێویستە بسڕێتەوەو بخرێتە کەنارەوە لەفەرهەنگی سیاسی عیراقدا، من بەئەرکێکی سەرکردایەتی کوردی دەزانم کە ئەمە بەرەنگاربێتەوەو بسڕێتەوە نەك لێرە لەناو رای گشتی چونکە لێرە کەس ئەوەی قبوڵ نییە، بەڵکو لەبەغداوە هەوڵبدات بۆ گۆڕینی ئەم شێوازە لەبیرکردنەوەو ئەمە بچەسپێنێت لەناو دەستووری داهاتووی عیراقدا، کەعیراقی داهاتوو عیراقێکی کۆنی درێژکراوەی مێژوو نیەو تەوافوقی لەسەرە وەکو دوولایەنی یەکسان و هاوبەش و شەریك لەدەسەڵات و ئابووریدا و شەریك لەهەموو شتێکی عیراقدا، یان ئەم شەریکایەتیە بەشێوەیەکی یەکسان دەڕوات بەڕێوە یان پێویستە سەرکردایەتی کورد بەشێکی کەم و بچووك قبوڵ نەکات، قسەی من ئەوەیە کەکورد دەبێت خۆی لەدەسەڵات بەشداربێت و ماف بدات بەهەموو لایەك نەك چاوەڕێی ئەوەبکات ماف وەربگرێت.

ئەم وتووێژە لە "رۆژنامەی کوردستانی نوێ" ژمارە٣٦٤٥ رۆژی پێنجشەممە
١٤ / ٤/٢٠٠٥ دا چاپ و بڵاو بووەتەوە